کورد لەنێوان هۆبز و ڕۆسۆ، چارەنووسی نەتەوەی بێدەوڵەت

12-06-2025

ئەلەند ئیبراهیم

فەیلەسووفی مەزنی سەدەی حەڤدەم، تۆماس هۆبز، لە شاکارە فەلسەفییەکەیدا، "لێڤیاتان"، وێنەیەکی بێبەزەییانە و کەتواریی دۆخی سروشتی مرۆڤایەتیی نیشان داوین؛ ئەو دۆخەی کە پێش بوونی هەر دەسەڵاتێکی زاڵە. هۆبز بە ڕاشکاوی جەختی لەوە کردۆتەوە کە بەبێ دەسەڵاتێک بۆ سەپاندنی یاسا، مرۆڤەکان لە ململانێیەکی بەردەوامدا دەژین کە پاڵنەری سەرەکیی خۆپەرستی و ترس و ئارەزووی دەسەڵاتە، دۆخێک کە ئەو بە "جەنگی هەمووان دژی هەمووان" وەسفی کرد و دەرەنجامەکەی ژیانێکی "تەنیا، هەژار، قێزەون، دڕندە و کورت"ە. چارەسەری ڕادیکاڵ و یەکلاکەرەوەی هۆبز بۆ ئەم دۆخە کوشندەیە، بریتی بوو لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، واتە تاکەکان بە شێوەیەکی هۆشیارانە و لە پێناو پاراستنی ژیانیاندا، دەستبەرداری بەشێک لە ئازادییە سروشتییە بێسنوورەکەی خۆیان دەبن و دەسەڵاتی خۆیان دەبەخشن بە لێڤیاتانێک، دەسەڵاتێکی باڵا و سەروەر، کە توانای زاڵبوون بەسەر هەرا و ئاڵۆزی و دابینکردنی ئاسایشی هەبێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم چوارچێوە فەلسەفییە بەهێز و کەتوارەی هۆبز بەکار بهێنین بۆ شیکردنەوەی دۆخی نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد. بە تیشک خستنە سەر مەترسییەکانی ژیان لە دۆخێکی هاوشێوەی دۆخی سروشتیدا، کە بە مانای ژیان لە دەرەوەی چەتری دەوڵەتێکی سەروەری خۆماڵی دێت. ئێمە ئارگیومێنت دەکەین کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نەک تەنیا دەرفە، بەڵکوو تاکە ڕێگەچارەی بێگارە بۆ دەرچوون لە دۆخی نالەباری درێژەداری داگیرکاریی و گشت لێکەوتە کوشندەکانی کە ڕۆژانە بەرۆکی تاک بە تاکی کورد دەگرن و ژیانی نەتەوەیەک ئاستەنگ دەکەن.

دیمەنی دۆخی بێدەوڵەتی

هــۆبز لە پەرتــووکی لێڤیاتــان دا، ئەمە بە ڕوونــی دەخــاتە ڕوو، هەر لە بەشــەکانی ســەرەتادا ســتێرە دەخــاتە ســەر ئەو کــۆمەڵگەیەی کە حکــومەت و یاســای خــۆیی تێــدا نیــیە (هەڵــبەت لە ســایەی دەوڵەتــی خــۆیەوە)، چــۆن کــاریگەریی نەرێنــی لەســەر کــۆمەڵگەکە جێــدەهێڵێ. هــۆبز پێــی وابــوو کە مرۆڤەکــان لە دۆخــی سروشــتیدا، کە لێڤیاتــانێکی نیــیە، ڕووبەڕووی "جەنگــی هەمــووان دژی هەمــووان" دەبــنەوە. هەڵــبەت ئەمە دەخــاتە مــل خراپــی سروشــتی مــرۆڤ، چــونکە مرۆڤەکــان لە بنەڕەتــدا خۆپەرســت و خراپەکــارن و ئــارەزووی بەدەســتهێنانی هێــز و دەســەڵات دەکەن و مەیلــی خۆپەرســتییان لە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوەیە. بــۆیە لە ســایەی نەبــوونی گرێبەســتی کۆمەڵایەتی و بێحکومەتی کە لە چێوەی دەوڵەتێکدا دێتە کایەوە، ژیان هەژار، قێزەون، درندە و کورت دەبێت.

بــۆ دەرچــوون لەم دۆخەش، هــۆبز پێشــنیاری گرێبەســتی کۆمەڵایەتی دەکــات. ئەم گرێبەســتەش، ڕێکەوتنــێکە لە نێــوان تاکەکانــدا، کە دەســەڵات دەدەن بە دەســەڵاتێکی بەهێــز، بــۆ ئەوەی ئاســایش و ســەقامگیری دابــین بکــات. ئەم بیــرۆکەی هــۆبز، ڕەهەنــدێکی گرنگــی هەیە بــۆ نەتەوە بێــدەوڵەتەکان بە تــایبەت کــورد. کــورد بە درێژایــی مێــژوو ڕووبەڕووی داگیرکــاری بــۆتەوە، ئەمەش پشتڕاســتی قســەکانی هــۆبز دەکــاتەوە، کە دەڵــێ ژیــان بە بێــدەوڵەت زۆر کــورتە. لێــرەدا ئەو بێگومــان مەبەســتی دەوڵەتــی خۆمــاڵییە نەک داگیــرکەر کە لە بەرامــبەر بندەســتەکانی بەرپرســیارەتی مــانەوە هەڵناگرێــت و بگــرە هەوڵــی تواندنەوەشــیان دەدات. بــۆیەش دۆخ و دۆزی کــورد لە زۆر ڕووەوە هاوشــێوەی دۆخــی سروشتییە، کە هۆبز لە پەرتووکەکەیدا باسی لێوە دەکات.

لێــرەدا، گــرنگە تێــبگەین کە هــۆبز کاتێــک بــاس لە گرێبەســتی کۆمەڵایەتی دەکــات، تەنیــا سروشــتی ناخۆشــی مــرۆڤ نیــیە کە وای لــێ دەکــات بــڕواتە نــاو ئەم گرێبەســتەوە. بەڵکــوو ترســێکی قــووڵ لە دۆخــی نالەبــار و پــڕ مەترســیی بــێ دەســەڵاتی هەیە؛ تــرس لە مەرگــی بــێ کــات و شــوێن، ئــارەزووی پاراســتنی ژیــان و ســامان، هەروەهــا عەقــڵ و لۆجیــک کە پێیــان دەڵێــت ژیــان لە دۆخــی سروشــتیدا بەردەوام نابێــت و بەهــایەکی نیــیە. بــۆیە، گرێبەســتەکە پەیمــانێکە کە لەســەر بنەمــای ئەم تــرس و

ئـــارەزووە عەقڵـدنییە بنیـــاتنراوە، نەک تەنیـــا پابەنـــدبوونێکی کـــوێرانە، تـــا لە ســـایەی دەســـەڵاتێکی بەهێزدا، ژیانیان پارێزراو بێت و بتوانن بە ئارامی بژین.

هـــۆبز بە ڕوونـــی جەخـــت لەوە دەکـــاتەوە کە مرۆڤەکـــان بە سروشـــتی خۆیـــان خـــراپن، بەهـــۆی ئەمەشـــەوە دەبێـــت دەوڵەتێـــک و دواتـــر حکـــومەتێکی بەهێـــز هەبێـــت بـــۆ کـــۆنترۆڵ کردنیـــان. گەرچـــی لـدی زۆر کەس دوو چەمکـــی وەک دەوڵەت و حکـــومەت بەشـــێوەیەکی هاومانـــا تەماشـــا دەکـــران، بەڵـدم لـدی هـــۆبز هەریەک لەم دوو چەمـــکە ئامـــاژەن بە لـدیەنێکی جیـــاوازی سیســـتەمی سیاســـی. لـدی هـــۆبز دەوڵەت بـــــــریتییە لە چێـــــــوەیەکی بنەڕەتـــــــی و ســـــــەروەریی کە لەئەنجـــــــامی "گرێبەســـــــتی کۆمەڵـدیەتی"ـــیەوە دروســـت دەبـــێ و هەمـــووان لەپێنـــاوی "ســـەروەریی" دەســـتبەرداری هەنـــدێک لە ئـــازادی و مافەکانیـــان دەبـــن. ئەمەش دوای ئەو کـــاتە دێ کە هەمـــووان تێـــدەگەن ژیـــان بەبـــێ ئەم گرێبەســـتەی کە دەوڵەتـــی گەرەکە، نائـــارام و مەترســـیدارە، کەواتە دەوڵەت چەمکـــێکە تـــاڕادەیەک واتـــای دابـــڕاوو (ئەبســـتراکت) و بنچیـــنەیە و خـــاوەنی دەســـەڵاتێکی ڕەهـــایە. بەڵـدم حکـــومەت لە دیـــدی هـــۆبز، بـــریتییە لەو دەزگـــا، میکـــانیزم و کەســـانەی کە ئەرکیـــان بەڕێـــوەبردنی دەوڵەتە و ئەرکـــدارن بە جێبەجێکردنـــی بڕیـــاری باڵـد، کەواتە حکـــومەت ئـــامرازی کـــارپێکردنی دەوڵەتە. ئەم ڕوانـــگەیە دەمـــانگەیەنێتە ئەو ڕاســـتییەی کە نەتەوەکـــانی دەوروبەری کـــورد، بەردەوام بەهـــۆی ئەم سروشـــتە شـــەڕانگێزەی کە هـــۆبز ئامـــاژەی پـــێ دەکـــات، بەردەوام لە هەوڵـــی لەنـــاوبردنی کـــورد دابـــوون. ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی "گرێبەستی دەوڵەت" لەنێو کورد کە لە دواتردا باسی لێوە دەکەین.

لەم ڕوانـــگە هـــۆبزییە ســـەبارەت بە پێویســـتیی دەســـەڵاتێکی باڵـد، گـــرنگە تێـــبگەین، کاتێـــک بـــاس لە نەتەوەی بێـــدەوڵەت و هەڕەشـــەی نەتەوەکـــانی دەوروبەر دەکرێـــت، هۆکـــارەکە تەنیـــا و بە ســـادەیی "سروشـــتی خراپیـــی" ئەو نەتەوانە نیـــیە. بەڵکـــوو زۆرتـــر پەیوەنـــدی بە لـــۆجیکی "دۆخـــی سروشـــتی"ـــی نێـــوان دەوڵەتە ســـەروەرەکانەوە هەیە. لەم دۆخەدا، هەر لێڤیاتانێـــک (دەوڵەتێـــک) بەدوای مـــانەوە و بەهێزبـــوونی خـــۆیەوەیە و بەپێـــی بەرژەوەنـــدییەکانی کـــار دەکـــات و لە ترســـی لێڤیاتانەکـــانی دیـــکە

دەژی. نەتەوەیەک کە خاوەنی لیڤیاتانی خۆی نییە، دەبێتە یاریگای ئەم ململانێیە و قوربانیی بێ بەرگریی ئەم لۆجیکە بێبەزەییانەیە. هەرەشەکان لە تواندنەوە، داگیرکاریی و سەرکوتکردن، هەرچەندە رەنگە لە "خووی شەڕانگێزیی" هەندێک تاک یان گرووپەوە سەرچاوە بگرن، بەڵام لە بنەڕەتدا بەرهەمی نەبوونی ئەو هێزە سەروەرییەیە کە بتوانێت بەرگریی بکات و دۆخەکە رێک بخات.

بۆیە لە روانگە و بیرۆکەکانی هۆبزەوە من پێم وایە کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی مانایەکی تایبەت دەدا بە گرێبەستێکی تازە کە ناوم ناوە گرێبەستی دەوڵەت. ئەم گرێبەستە دەبێتە هەوڵێکی بەردەوام و مکوڕ بۆ رێکەوتنێکی سەرانسەری بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان.

بێسەروبەریی نێودەوڵەتی و پێویستی دەوڵەت لە قەیرانی ئاسایشدا

جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە سروشتێکی ئاڵۆز و پڕ ململانێ ناسراوە، جا یەکێ لە گرنگترین چوارچێوە تیۆرییەکان بۆ تێگەیشتن لەم سروشتە، قوتابخانەی ریالیزمە، کە رەگ و ریشەی قووڵی لە فەلسەفەی سیاسی تۆماس هۆبزدا هەیە. ئەم دیدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵای جیهانیی (حکومەتێکی جیهانیی) دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخی پشێویی، بێسەروبەری، فەوزا، ئەوەی بە ئینگلیزی وەک ئەنارکی (anarchy) ناسراوە، کە تێیدا دەوڵەتان ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان پشت بە هێز و توانای خۆیان ببەستن. بۆیە بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ سەپاندنی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەتەکان (نەتەوەکان) لە "شەڕی هەمووان دەژی هەمووان"ـدا دەژین، رێک وەک ئەوەی کە هۆبز تیۆریزەی کردبوو لە دۆخی ناوخۆی وڵاتان. بۆیە تاکە رێگا بۆ رزگاربوون لەو دۆخە ترسناکە، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێز و رەهایە "لیڤایتان" کە ئاسایش و ئارامی بۆ تاکەکان و بۆ دەوڵەتەکان (نەتەوەکان) دابین بکات .

ڕوونتر بڵێم، قوتابخانەی ڕیالیزم هەمان لۆجیکی هۆبز بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنێ. ڕیالیستەکان پێیان وایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی بە سروشت لە دۆخی "پشێوی" دایە، لەبەرئەوەی وەک ئاماژەی پێ کرا هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر لە دەوڵەت بوونی نییە، کە بتوانێ یاسا و ڕیسا بەسەر هەمووانـدا بسەپێنێت و سزای سەرپێچیکاران بدات و ڕێگری لە دروستبوونی ملمالانێ و پێکدادان بگرێت و ئاشتی بسەپێنێت، ئەو ئاشتییەی کە هۆبز لەڕێگای سەروەر (لێڤاتیان) پێشنیازی کرد بۆ دروستکردنی ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی. ئەمە واتای ئەوە نییە کە جیهان هەمیشە لە ئاژاوە و پشێویەکی تەواودایە، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە هیچ گەرەنتیەک بۆ ئاشتی و ئاسایش بوونی نییە و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز هەمیشە ئامادەیە. لە سیستەمی پشێوی لە جیهاندا، دەوڵەتان وەک کارەکتەری سەرەکی و ئەقڵانی سەیردەکرێن کە ئامانجی سەرەکیان مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکەیانە، بەتایبەت ئاسایشی نەتەوەیی. دەوڵەتان خۆیان بەرپرسن لە مانەوە و خۆپارێزیی چونکە پۆلیسێک و دادوەرێک و حکومەتێکی جیهانیی، وەک ئەوەی لە ئاستی ناوخۆدا سەدان ساڵە گەشەی پێدراوە، بوونی نییە، بۆیە هێز (ڕەق و نەرم) تاکە گەرەنتی مانەوەی دەوڵەتەکان (نەتەوەکان)ـی لە جیهانێکی پشێو و بێسەروبەر دا. یەکێک لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی سیستەمی پشێوی، دیاردەی "قەیرانی ئاسایش(security dilemma) "ـە. کاتێک دەوڵەتێک هەنگاوی ئابووریی، سەربازیی و بەرگریی دەنێت بۆ زیادکردنی ئاسایشی خۆی، ئەم هەنگاوانە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە وەک هەڕەشە سەیر دەکرێن لەبەر زۆر هۆکار بەتایبەت گرنگترینیان چونکە دەوڵەتان (یان سەرکردەکانیان) لە نییەتی خۆپڕهێزکردنی دەوڵەتەکەی دیکە ناگەن. لە ئەنجامدا دەوڵەتانی دیکەش (هاوسنوور یان دوورەدەست) هەمان ڕێوشوێن دەگرنەبەر بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی گومان و بێمتمانەیی و پەرەسەندنی پێشبڕکێی چەک لە نێوان دەوڵەتاندا. هەر وەک سوسیدیدیس(Thucydides) ی یۆنانی دەڵێ: گەشەی هێزی لایەک، ترسی لایەک زیاد دەکات. مەبەستی سوسیدیدیس ئەوەیە کە هێز هۆکاری ناسەقامگیریی وڵاتانی دیکەیە کە دەیانەوێ

کاردانەوەیــان لە جیهانــدا هەبــێ، بــۆیە جەنــگ هەمیشــە ئەگەری دەبــێ. لەبەر ئەم هۆکــارانە دەوڵەتــان ناچــار دەبــن پەنــا بــۆ "سیســتەمی خۆپــارێزیی" بــبەن. هەر دەوڵەتێــک دەبێــت پشــت بە تواناکــانی خــۆی ببەستێت بۆ دابینکردنی ئاسایش و بەرگریکردن لە خۆی.

لە ســایەی پشــێوی و قەیرانــی ئاســایش و سیســتەمی خۆپــارێزیی و خۆبژێــویی دا، ململانێ لە نێــوان دەوڵەتانـــدا (نەتەوەکانـــدا) وەک ئەگەرێکـــی بەهێـــز و درێـــژەدار ســـەیردەکرێت، نەک وەک شـــتێکی نائاســایی. دەوڵەتــان بەردەوام لە کێبرکــێ دان بــۆ بەدەســتهێنانی هێــز و کــاریگەری کە تــاکە رێگــایە بــۆ مســۆگەرکردنی مانەوەیــان لە سیســتەمێکی نێــودەوڵەتی درنــدەی بێســەروبەردا. لەســەر بنەمــای ئەم شــیکارییەی تۆمــاس هــۆبز و ریالیســتەکانی پەیوەنــدییە نێودەوڵەتییەکــان (وەک جــۆن مێرشــایمەر)، دەتـــوانین بگەیـــنە ئەو دەرئەنجـــامەی کە نەتەوەی کـــورد، کە مێژوویەکـــی دووروودرێـــژی لە چەوســاندنەوە و داگیرکاریــدایە، هەبــوونی دەوڵەت "لێڤایتــان"ێــک نەک تەنهــا خواســتێکە، بەڵکــوو پێویستییەکە بۆ مانەوە لەم جیهانە پرپشێویەدا.

گرێبەستی دەوڵەت، پەیمانێکی چارەنووسساز بۆ ژیان

لە تێڕوانینــی بنەڕەتیــی هــۆبزەوە بــۆ گرێبەســتی کۆمەڵایەتی، تێــدەگەین کە ئەمە تەنیــا ڕێکەوتنێکــی ســادە نیــیە بــۆ پێکهێنــانی قەوارەیەکــی سیاســی، بەڵکــوو بنــاغەی ســەرەکی و زۆربــایی بــۆ دابینکردنــی ئاســـایش و ســـەقامگیری، کە دوورکەوتـــنەوەیە لە دۆخـــی ترســـناکیی "سروشـــتی". بـــۆ دۆزی نەتەوەیەکـــی بێـــدەوڵەت وەک کـــورد، ئەم گرێبەســـتە دەبێـــت لە چوارچێـــوەیەکی قـــوڵتر و چارەنووســازتردا لێــک بــدرێتەوە. لێــرەدا، گرێبەســتەکە تەنیــا بــۆ هێنــانە کــایەی ئــارامییەک نیــیە لەنــاو کۆمەڵگەیەکــدا کە پێشــتر هەبــووە، بەڵکــوو پەیمــانێکە بــۆ دەمــانکردنی بوونــایەتی، بــۆ دروســتکردنی ئەو قەوارەیەی کە تەنیــا دەتوانێــت لەنــاو دۆخێکــی نائــارام و پــڕ هەڕەشــەدا ژیــان بپارێزێــت. ئەمە

دەبێــتە بەڵگەیەکــی نەگــۆڕ کە هەر تــاک و لایەنێکی کــورد، بە هۆشــیاریی تەواوەوە، پابەنــد بێــت بە ڕەزامەندیدان لەسەر ئەم پەیمانە و بە تەواوی بچێتە ژێر باری پێداویستییەکانی.

ڕێککەوتــن لەســەر یەک ویســتی بنەڕەتــی، ئەم گرێبەســتە، وەک یەکەم هەنگــاو و بە بنەمــای تێــڕوانینە کەتــوارەکەی هــۆبز، بانگهێشــتی هەمــووان دەکــات کە لەســەر ئامــانجی بنەڕەتــی و چارەنووســازی بنیاتنــانی دەوڵەت کــۆک بــن. ئەمە مانــای ئەوە نیــیە کە تەواوی بیــروڕا و جیــاوازییە سیاســی، ئــابووری، کولتــووری و کۆمەڵایەتییە لاوەکییەکــان بســڕدرێنەوە یــان بــێ بــایەخ بکــرێن. نەخێــر، بەڵکــوو مانــای ئەوەیە کە لەم دۆخە پــــڕ هەڕەشــــەیەدا کە بــــوونی نەتەوەکەمــــان لە مەترســــیدایە، ویســــتی باڵا و یەکلاکەرەوە دەبێــت ئەوە بێــت: دروســتکردنی ئەو چوارچێــوە ســەروەرییەی کە تەنیــا دەتوانێــت ژیــان و مــانەوەی نەتەوە مســۆگەر بکــات. واتە، لە کــاتی هەڕەشــە و نائارامیــدا، کۆکبــوون لەســەر پــڕۆژەی دەوڵەتســازی و قبــوڵکردنی دەســەڵاتێکی باڵا کە توانــای بەرگریکــردن و ســەپاندنی ئاسایشــی هەبێــت، دەبێــتە ســەرووی هەمــوو نــاکۆکی و بەرژەوەنــدییە لاوەکییەکــان. ئەمە ئەو ویســتە کــۆمەڵییەیە کە هــۆبز بە زۆربــایی دەزانێــت بــۆ دەرچــوون لە دۆخــی سروشــتی و بنیاتنــانی قەوارەیەکــی سیاســیی درێژەدار.

دەســتبەرداربوونێکی هۆشــیارانە لە پێنــاو لێڤیاتــانی خۆمــاڵی: بەپێــی فەلســەفەکەی هــۆبز، بنەمــای گرێبەســتی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە تاکەکــان بەشــێک لە "مــافی سروشــتی"ــی خۆیــان، واتە مــافی ئەوەی هەمــوو شــتێک بــکەن بــۆ مانەوەیــان، دەدەن بە دەســەڵاتێکی باڵا. بەمەش واز لە ئــازادییە بێســنوور و بێبەهــاکەی دۆخــی سروشــتی دەهێــنن لە پێنــاو بەدەســتهێنانی ئاســایش و ژیــانێکی پــارێزراو. ئەم پرەنســیپە بە ڕاشــکاوی دەبێــتە ئەرک بەســەر هەمــووانەوە لە دۆخــی کــورد دا، تاکەکــان و لایەنە سیاســییەکان، بەبــێ دوودڵــی، واز لە بەرژەوەنــدییە تــاکی و کاتییەکــانی خۆیــان بێــنن، هەروەهــا واز لە ســتراتیجی و بیــرۆکە سیاســییە لاوەکییەکــان بێــنن کە ئامــانجی ســەرەکی "دەوڵەتســازی" پــاش دەخەن. ئەم دەســتبەرداربوونە، دەســتبەرداربوون نیــیە لە مــاف بــۆ هیچــی،

بەڵکوو تەنیا ڕێگایە بۆ دەرچوون لە دۆخێکی "بێ خاوەنی" و نائارامیی کوشندە بۆ ژێر چەتری دەوڵەتێک کە بتوانێت بەڕاستی ژیان بپارێزێت و ڕێگە نەدات درێژاییەکەی "کورت" بێت.

داننان بە سەروەرییەکی یەکگرتوو و باڵادا: ئەم گرێبەستە، لە ناوەڕۆکی خۆیدا، پێویست دەکات کە تەواوی ئەندامانی ناو نەتەوە بێدەوڵەتەکە، بە یەک دەنگ و بە ڕەزامەندیی گشتی، دان بنێن بە سەروەرییەکی یەکگرتوو و باڵادا کە خۆی لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەکات و لە دەستووردا چوارچێوە دەدرێت. ئەم سەروەرییە، بەپێی هۆبز، دەبێت ڕەها و دابەشنەکراو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی سەرەکیی خۆی، واتە دابینکردنی ئاسایش و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، جێبەجێ بکات. ئەمە "تاک دەسەڵات" نییە بە مانای دیکتاتۆریی تاکەکەسێک، بەڵکوو مەبەست لێی کۆکردنەوەی تەواوی هێزی سەروەرییە لە یەک شوێندا، لە لێڤیاتانەکە (دەوڵەت)، بۆ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەتوانێ ئاڵنگاری ببێتەوە و کۆمەڵگە نەگەڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتیی نائارامی. ئەم داننانە بە سەروەریی خۆماڵی، بنەمایەک بۆ دابینکردنی یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکان و پاراستنی خاک وەک پاوانی نەتەوەیی و هاووڵاتییان وەک شارۆمەندانی ئەو دەوڵەتەیە.

دەوڵەتخوازیی وەک ئەرکێکی چارەنووسساز: ئەم گرێبەستی دەوڵەتە دەبێتە بناغەیەکی هزریی-مەعریفیی و سیاسیی پتەو بۆ پەرەپێدان و بەرزڕاگرتنی هەستی نەتەوەپەروەریی و یەکێتیی نەتەوەیی لە ئاستێکی نوێدا و ئەم پەیمانە، وەک بڕیارێکی گشتیی بۆ مانەوە و ژیانێکی شایستە، وا دەکات کە هەموو تاکێک لەناو نەتەوەکەدا، بەبێ جیاوازیی ئایینی، ئایدیۆلۆجی یان ناوچەیی، باوەڕی قووڵی وابێت کە جگە لە دەوڵەت، هیچ شتێک ناتوانێت ئاسایش و ئارامیی بەردەوام بۆ نەتەوە دابین بکات. بۆیە، هەستکردن بەوەی بەشێکیت لەم دەوڵەتە داهاتووە و پابەندبوون بەم گرێبەستە، تەنیا هەستێکی سۆزداری نییە، بەڵکوو بنەمایەکی ژیانە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە و پارێزوانی سەرەکیی ناسنامە نەتەوەییەکانە لە بەرامبەر هەڕەشەی تواندنەوە.

سـەروەریی بەدەسـتهاتوو لە ڕێـگەی گرێبەسـتەوە: هـۆبز بە ڕوونـی جەخـت دەکـاتەوە کە ئاسـایش، وەک یەکەم و گرنگتـرین پێویسـتیی مـرۆڤ، تەنیـا لە ڕێـگەی بـوونی دەسـەڵاتێکی سـەروەرەوە دابـین دەکرێـت. بـۆ ئەمەش، تاکەکـان دەسـتبەردار دەبـن لە بەشـێک لە ئازادییەکانیـان بـۆ ئەوەی ئەو بتوانێـت سـنوورەکان بپارێزێـت و یاسـا بسـەپێنێت. بە هەمـان شـێوە، ئەم گرێبەسـتی دەوڵەتەی ئـێمە، تـاکە ڕێگـایە بـۆ ئەوەی نەتەوەی کـورد بتوانێـت سـەروەریی خـۆی بەدەسـت بهێنێـت و بیسـەپێنێت بەسـەر تەواوی وڵات و هاووڵاتییانیـدا. ئەم سـەروەرییە سـەپاندن نیـیە لەسـەر خەڵـک لە دەرەوەی ویسـتی ئەوانەوە، بەڵکـوو سـەروەرییەکە لە خـودی ویسـتی نەتەوەیـی بـۆ مـانەوە و پاراسـتنی ژیـانەوە سـەرچاوە دەگرێـت و پاشـان دەسـەڵاتی سـەپاندنی یاسـا و کـۆنترۆڵی هەیە لەسـەر ئەو خـاکەی گرێبەسـتەکە دەیگـرێتەوە. ئەمە تـاکە ڕێگـا بـۆ دەرچـوون لە ژێـر دەسـەڵات و سـەروەریی نەتەوەکانی دیکەیە.

وێجـا وەک چـۆن هـۆبز بێبەزەییـانە ئامـاژە بەوە دەکـا کە بـێ بـوونی دەوڵەت ژیـان "کـورت"ـە، ئـێمەش بە ڕاشـکاوی دەڵێـین کە نەتەوەی کـورد بێـدەوڵەتێکی سـەربەخۆ، ژیـانی لە مەترسـیی بەردەوام و کورتبـوونەوەدایە. کـورد بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشـەی لەنـاوچوون و توانـدنەوە دەبێـتەوە. بـۆیە، گرێبەسـتی دەوڵەت وەک بەهێزتـرین ئـامراز و بنەمـایەک، تـاکە ڕێگـایە بـۆ بەدەسـتهێنان و سـەپاندنی سـەروەریی نەتەوەیـی و دابینکردنـی ژیـانێکی شایسـتە و درێژخـایەن بـۆ کـورد لەژێـر چەتـری دەوڵەتـی کوردسـتان دا. ئەمە داوایەکـی ڕادیکـاڵە بـۆ واژۆکردنـی پەیماننـامەیەک بـۆ ژیـانێکی نـوێ، ژیانێـک کە تەنیـا لە ژێـر یەک ئاڵـدا دەکرێـت بەدەسـت بهێنرێـت کە ئەویـش ئاڵـی کوردسـتانە و هێمـای سەروەرییە بەدەستهاتووەکەیە.

چەمکەکانی دادپەروەریی و سەروەریی لە لێڤیاتان دا

چەمکـی دادپەروەریـی و سـەروەریی وەک دوو چەمکـی لەیەک نزیـک و گرێـدراو بـاس کـراون. هـۆبز پێـی وابـوو کە سـەروەریی پێویسـتە بـۆ دابینکردنـی ئاسـایش و ڕێکخسـتنی کـۆمەڵگە و دەبـێ

سەروەریی پەیوەست بکرێ بە دەسەڵاتێکی باڵادەوە کە هیچ سنوورێکی بۆ دانەنرێ، تا بتوانێ دادپەروەیی جێبەجێ بکات و بڕیاری ئاشتی و جەنگ بدات. هۆبز دەڵێ ئەم سەروەرییەش تەنیا لە ڕێگای گرێبەستەکەوە دێتەدی، کاتێک خەڵک دەستبەرداری بەشێک لە ئازادییەکانیان دەبن. سەروەریی دەبێ بێسنوور و ڕەها بێت تا هەمووان بپارێزێت و نابێت دابەش بکرێ چونکە دەسەڵاتی باڵا لاواز دەکات و ئاسایش دەکەوێتە مەترسییەوە.

دادەپەروەریش بەهەمان شێوە، هۆبز وەک یەکێک لە بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە بەر لە هەموو شتێک جەخت لە دادپەروەریی دەکاتەوە دەڵێ: دادپەروەریی تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی باڵا (لێڤیاتان) دا مانای هەیە و دێتە دی، دادپەروەیی بریتییە لە پابەندبوون بەم پەیمانە. دادپەروەریی لەسەر بنەمای یاسا و فەرمانەکانی سەروەر دامەزراوە، چونکە دادپەروەریی بریتییە لە جێبەجێ کردنی یاساکان و ڕەچاوکردنی ئەو ڕێسایانەی کە لەلایەن سەروەرەوە دانراون. دادپەروەریی لە کۆمەڵگەدا بوونی نییە بەبێ سەروەریی و دەسەڵاتی باڵاکە دەوڵەتە و لە نەبوونیدا کۆمەڵگە دەکەوێتە حاڵەتی جەنگی هەمووان لە دژی هەمووان، کە تیایدا هیچ ڕێسایەکیش بۆ دادپەروەری بوونی نییە.

دەوڵەت و هۆبز

لە دیدی هۆبز، دەوڵەت قەوارەیەکی سادە یان دەزگایەکی کارگێڕیی ئاسایی نییە؛ بەڵکوو "لێڤیاتان"ێکە، دەرەنجامی ناچاریی و عەقڵانیی دۆخێکی بنەڕەتیی مرۆڤایەتییە. هۆبز بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییە بێبەزەییانەیەی سروشتی مرۆڤ کە تێیدا خۆپەرستی، ئارەزووی بەدەستهێنانی دەسەڵات و بێمتمانەیی بە یەکتر، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن، دەبنە هۆی ململانێیەکی بەردەوام و بێ کۆتایی. ئەم دۆخە، کە هۆبز بە "دۆخی سروشتی" ناوی دەبات، ژیان دەکاتە ئەزموونێکی پڕ لە ترس و نائارامی، بە شێوەیەک کە "هەمووان دژی هەمووان" لە جەنگدان. لەم دۆخەدا هیچ پێشکەوتنێک، هیچ زانستێک، هیچ هونەرێک، هیچ کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینە، لە

هەمووی گرنگتر، هیچ ئاسایشێک بۆ ژیان، بوونی نییە. ژیان بە سادەیی و بێ پەرچ دەبێتە ژیانێکی "تەنیا، هەژار، قێزەون، درندە و کورت". بۆ هۆبز، دەرچوون لەم دۆخە کوشندەیە تاکە ئامانجی سەرەکیی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، ئەو گرێبەستەی کە دەوڵەت، واتە لێڤیاتان، لێی دروست دەبێت.

لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت لە دیدی هۆبز، بەرهەمی هەڵبژاردنێکی سۆزداریی یان ئارەزوویەکی لاوەکی نییە؛ بەڵکوو بڕیارێکی عەقڵانی و ژینەکییە کە تاکەکان دەیدەن. لە پێناو پاراستنی خودی بوونیان و مسۆگەرکردنی ئاسایشێک کە ڕێگە بە ژیانێکی درێژتر و بەهادارتر بدات، بەشێک لە ئازادییە بێسنوور و لە هەمان کاتدا بێبەهاکەی دۆخی سروشتی دەبەخشن بە دەسەڵاتێکی باڵا، دەسەڵاتی سەروەر. ئەم سەروەرییە، کە لە لێڤیاتان دا بەرجەستە دەبێت، پێویستە ڕەها و دابەشنەکراو بێت، چونکە هەر لاوازبوون یان دابەشبوونێکی دەسەڵاتی سەروەر، دەکرێت دەروازەیەک بکاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی جەنگ و ئاژاوە. ئەرکی سەرەکیی ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە سەپاندنی یاسا، ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دابینکردنی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی کە دەرف بۆ گەشەکردنی ژیان و شارستانییەت دەڕەخسێنێت. بەبێ ئەم دەسەڵاتە یەکلاکەرەوەیە، هیچ مافێک پارێزراو نییە و هیچ دادپەروەرییەک مانای نییە، چونکە خودی بنەمای بوونی کۆمەڵگە لەق دەبێت.

سەرباری ئەرکی ناوخۆیی، هۆبز بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕۆڵی دەوڵەت دەکات لە بەرامبەر دەرەوەدا. لە کاتێکدا هۆبز زیاتر سەرنجی لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەناوخۆدا بوو، لۆجیکی بیردۆزەکەی دەری دەخات کە دەوڵەت پێویستە توانای پاراستنی خۆی و هاووڵاتییانی هەبێت لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە، دەوڵەت وەک ئامرازێکی یەکلاکەرەوە بۆ دابینکردنی سەروەریی و پاراستن دەردەکەوێت، ئامرازێک کە تەنیا ئەو دەتوانێت دەرەقەتی دوژمنان بێت و جەنگ و ئاشتیمان بۆ مسۆگەر بکات یان لێیمان بپارێزێت. بەم پێیە، دەوڵەت نەک

تەنها ڕێکخەری ژیانی ناوخۆییە، بەڵکوو قەڵغان و پارێزەری بوونی فیزیکی و سیاسیی کۆمەڵگە و نەتەوەیە لە گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتیدا کە هێشتا بە تەواوی لە دۆخی سروشتی بەدەر نەکەوتووە.

گیانەوەرە زەبەلاحەکە، میتافۆری دەسەڵات و مانەوە

لێڤیاتان، ئەم چەمکە قووڵ و فرەڕەهەندە کە هۆبز بۆ وەسفکردنی دەوڵەت بەکاری هێنا، لە بنەڕەتدا گیانەوەرێکی زەبەلاحی ئەفسانەیی یان ئایینییە، کە زۆرجار وەک بوونەوەرێکی دەریایی گەورە و ترسناک وێنا کراوە. لە سەرچاوە کۆنەکان و کتێبی پیرۆزدا، وەک هێمای هێزێکی بێسنوور، یان بگرە هێمای ئاژاوە و ئەو شتانەی لە کۆنترۆڵی مرۆڤ بەدەرن، باسکراوە. بەڵام هۆبز بە زیرەکیی فەلسەفیی خۆی، ئەم وێنە ئەفسانەییەی وەرگرت و مانایەکی نوێی سیاسی و فەلسەفی پێ بەخشی. کاتێک هۆبز دەوڵەتی ناو نا لێڤیاتان، مەبەست لێی تەنیا وەسفکردنی قەبارە گەورە یان هێزی فیزیکی نەبوو، بەڵکوو ئاماژەدان بوو بە سروشتی سەروەریی ڕەها و بێسنووری ئەو قەوارە سیاسییەی کە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت. لێڤیاتان، لە دیدی هۆبز، ئەو دەسەڵاتە باڵایە کە بەهۆی ڕێککەوتنی تاکەکانەوە، هەموو هێزێکی کۆمەڵگە تێیدا چڕ دەبێتەوە و دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکلاکەرەوە بۆ سەپاندنی ئاسایش و ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە دۆخی "شەڕی هەمووان دژی هەمووان". ئەم هێزە زەبەلاح و بێبەزەییانەیە پێویستە، چونکە تەنیا هێزێکی لەو شێوەیە دەتوانێت بەسەر ئاژاوە و خۆپەرستیی تاکەکاندا زاڵ بێت و فەرمانڕەوایەتیی یاسا مسۆگەر بکات.

کاتێک ئەم میتافۆرە بەهێزەی لێڤیاتان دەهێنینە سەر دۆخی نەتەوەیی-بێدەوڵەتیی کورد، ئەوا مانایەکی قووڵتر و ڕادیکاڵتر وەردەگرێت. بۆ نەتەوەیەک کە لەناو "دۆخی سروشتی"ی نێودەوڵەتیدا ژیان دەکات، دۆخێک کە تیایدا تەنیا "لێڤیاتانەکان" (دەوڵەتە سەروەرەکان) خاوەن هێز و بڕیارن و بەپێی لۆجیکی بەرژەوەندیی خۆیان مامەڵە دەکەن، بوونی لێڤیاتانی خۆماڵی پێویستییەکی بنەڕەتییە. لێڤیاتانی کوردی، دەوڵەتی کوردستان، دەبێت ئەو قەوارە زەبەلاحە بێت

کە هێـزی سـەروەریی نەتەوەی کـورد لە خۆیـدا کـۆ بکـاتەوە. ئەم هێـزە پێویسـتە زەبەلاحێت بـۆ ئەوەی بتوانێـت بەرگەی هەڕەشـەی لێڤیاتانەکـانی دراوسـێ بگرێـت و ترسـناک بـێ بـۆ ئەوەی بتوانێـت یاسـاکانی خـۆی بسـەپێنێت و ئاسایش لەنـاو سـنوورەکانیدا دابـین بکـات. تەنیـا لە ڕێـگەی دروسـتکردن و بەهێزکردنـی ئەم گیـانەوەرە زەبەلاحە خۆمـاڵییەوەیە کە نەتەوەی کـورد دەتوانێـت لە دۆخـی بێپارێزبەنـدی و قوربـانیبوون بێـتە دەرەوە. لێڤیاتـانی هـۆبز هێمـای پارێزگـارییە لە هاووڵاتییـان لە بەرامـبەر ئـاژاوە و گرژییـدا. و بـۆ کـورد، لێڤیاتـانی خۆمـاڵی هێمـای پارێزبەنـدییە لە بـوونی نەتەوە لە بەرامـبەر هەڕەشـەی لەناوچوونـدا. پژرانـدنی پێویسـتیی ئەم لێڤیاتـانە و کـارکردن بـۆ بنیاتنـانی، وەک پابەنـدبوون بەو گرێبەسـتە کۆمەڵایەتییەی هـۆبز باسـی دەکـات، بڕیـارێکی ڕادیکـاڵ و ژینەکییە بـۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و ژیانێکی درێژ و شکۆمەند.

ململانێی فەلسەفیی گەورە، هۆبز و ڕۆسۆ و چارەنووسی نەتەوەی بێدەوڵەت

لە گەشـتی مێژوویـی بیـردۆزی سیاسـییدا، دوو ڕێچـکەی سـەرەکیی لە یەکتـر جیـا دەبـنەوە سـەبارەت بە سروشـتی مـرۆڤ و پێویسـتیی دەسـەڵاتی سیاسـی. ئەم دوو ڕێگـایە دەمـانگەیەننە خـاڵی وەرچەرخـانی چارەنووسسـاز بـۆ نەتەوەیەکـی وەک کـورد. لە لایەک، هـۆبز بە ڕادیکـاڵی و بێبەزەییـانە کەتـواریی دۆخـی سروشـتی مرۆڤمـان بـۆ دەخـاتە ڕوو؛ دۆخێـک کە تیایـدا بـێ دەسـەڵاتێکی باڵا بـۆ سـەپاندنی یاسـا و پاراسـتنی هاووڵاتییـان، ژیـان دەبێـتە "جەنگـی هەمـووان دژی هەمـووان". هـۆبز پێمـان دەڵێـت کە مرۆڤەکـان، هەرچەنـدە هۆشـیارییان هەبێـت، بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی بەدوای خۆپـارێزیی و دەسـەڵاتدا دەگەڕێـن، و ئەمەش بە ناچـاریی دەبێـتە هـۆی ململانێ. چارەسـەری ئەم دۆخە کارەسـاتبارە، لای هـۆبز، تەنیـا یەک شـتە: دروسـتکردنی "لێڤیاتـان"ێـک وەک دەسـەڵاتێکی سـەروەر و ڕەهـا، کە تاکەکـان بەپێـی گرێبەسـتێکی کۆمەڵایەتی ویسـتی خۆیـان دەدەن بەو دەسـەڵاتە، بەو هیـوایەی ژیـان و ئاسایشـیان پـارێزراو بێـت. ئەم تێـڕوانینە کەتـوارەی هـۆبز، کە ڕەنگـدانەوەی ئەزمـوونی تـاڵی شـەڕی نـاوخۆیی ئینگلیـزە، نەک تەنیـا تێزێکـی فەلسـەفییە، بەڵـکوو هۆشـدارییەکی

بێدارکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە دۆخێکی هاوشێوەی "دۆخی سروشتی"دا دەژین، بۆ نموونە، کورد.

لە بەرامبەر ئەم تێزە هۆبزییە کە پێداگری لەسەر پێویستیی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز دەکات، فەیلەسوفی ئایدیالیست، ژان ژاک ڕۆسۆ، دیدگایەکی بنەڕەتیی جیاوازی هەبوو. ڕۆسۆ کە پێی وابوو مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا باش و ئازاد و هاوسەنگە، ئەوە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیی ڕێکخراوە کە ئەم سروشتە پاکە تێک دەدەن و دەبنە هۆی نایەکسانی و ململانێ. لای ڕۆسۆ، دەسەڵاتێکی سیاسیی چڕکراوە، تەنانەت ئەگەر بە ناوی "ئیرادەی گشتی"یش بێت، هەمیشە مەترسیی زوڵم و سنووردارکردنی ئازادیی تاکیی تێدایە. بە وتەیەکی سادە، ئەگەر هۆبز دەسەڵاتی سیاسی بە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ بزانێت، ڕۆسۆ زۆرجار وەک سەرچاوەی خودی کێشەکان سەیری دەکات. ئەم ململانێیە فەلسەفییە قووڵە، کە هەردووکیان لە بنەڕەتدا بەدوای باشترکردنی دۆخی مرۆڤەوە بوون، دەمانخاتە بەردەم دوو ڕێگای دژ بەیەک بۆ شیکردنەوەی هەر دۆخێکی سیاسی، بە تایبەت دۆخی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت.

ئێستا، کاتێک ئەم دوو ڕوانینە ڕادیکاڵە دەهێنینە سەر دۆخی نەتەوەی کورد، کە چەندین سەدەیە لە دۆخێکی بەردەوامیی هەڕەشە، داگیرکاریی و نائارامیدا دەژی، ئەوا ڕاستییەکی تاڵ و بێبەزەییانە خۆی دەسەپێنێت. دۆخی کورد، لە ڕوانگەی هۆبزییەوە، نموونەیەکی زۆر ڕوونە لە "دۆخی سروشتی" لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، یان لانیکەم دۆخی نەتەوەی بێ دەسەڵاتی سەروەر لەناو جیهانێکدا کە تەنیا "لێڤیاتانەکان" (دەوڵەتە سەروەرەکان) خاوەن هێز و بڕیارن. لەم دۆخەدا، دەوڵەتانی دەوروبەر، کە خۆیان لێڤیاتانی بەهێزن و بەپێی لۆجیکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کار دەکەن، بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەر بوونی نەتەوەی کورد. مێژوو شاهیدە کە ئەم هەڕەشانە تەنیا تیۆری نین، بەڵکوو بە کردار لە شێوەی تواندنەوەی کولتووری، قەدەغەکردنی زمان، وێرانکردنی گوندەکان، جینۆساید و شاڵاوە بەردەوامەکاندا بەرپێوەچوون. گەڕاندنەوەی ئەم

هەڕەشـانە تەنیـا بـۆ "خراپیـی سروشـتیی مرۆڤـی تـورک یـان عەرەب یـان فـارس" شـیکردنەوەیەکی سـادەیە، بەڵکـوو کەتـوارەکە ئەوەیە کە لەنـاو "دۆخـی سروشـتی"ـی نێـوان قەوارە سیاسـییەکاندا (دەوڵەتـان)، لێڤیاتـانە بەهێزەکـان بەپێـی لـۆجیکی هێـز و بەرژەوەنـدی کـار دەکەن، نەتەوەی بێـدەوڵەت وەک قوربـانییەکی ئاسـان یـان کـایەیەک دەبیـنن کە دەکرێـت یـاریی پـێ بکرێـت. لێـرەدا، پەیامە ڕادیکاڵەکەی هۆبز ڕوون و ئاشکرایە: بێ لێڤیاتانی خۆت، ژیانت "کورت و دڕندانە" دەبێت.

لە نێوەنـد ئەم کەتـوارە پـڕ مەترسـییەدا، تێڕوانینێـک کە لە هەنـدێک لایەنـدا هاوبەشـی فەلسـەفەکەی ڕۆسـۆیە، دەردەکەوێـت؛ تێڕوانینێـک کە گومـان لە ڕۆڵـی دەوڵەت دەکـات، یـان پێـی وایە دەکرێـت لە چوارچێـوەی دیـکەدا جـگە لە دەوڵەتـی سـەربەخۆ، مـاف بەدەسـت بهێنـرێن، یـان تەنـانەت بـاوەڕ بە "باشـیی سروشـتیی" یـان "برایەتیـی" نەتەوەکـانی دەوروبەر دەکـات و مەترسـییەکان بە کەم دەزانێـت. ڕاشـکاوانە قسـە بکەیـن، ئەم جـۆرە تێڕوانینـانە، هەرچەنـدە ڕەنـگە لە ئایـدیالیزمێکی پـاکەوە سـەرچاوەیان گرتبێـت، بەڵام لە کەتـواری دۆخـی ئـێمەدا تێگەیشـتنێکی کوشـندەیان بـۆ کێشـەکە هەیە. ئەوانەی وا دەزانـن دەکرێـت بـێ لێڤیاتـانی خۆمـاڵی لەنـاو جیهانێـکدا بـژین کە پـڕە لە لێڤیاتـانی بەهێـزی دیـکە، وەک ئەوە وایە وا بزانیـت دەکرێـت بـێ پـارێزوانی لەنـاو جەنگەڵێـکدا بژیـت کە پـڕە لە گیـانەوەری دڕنـدە و بەهێـز. بیـرۆکەی "برایەتیـی گەلان" لە دۆخێـکدا کە "گەلان" خـاوەنی لێڤیاتـانی خۆیـانن و بەپێـی بەرژەوەنـدیی و ئاسایشـی خۆیـان مـامەڵە دەکەن، لە باشـترین حاڵەتـدا خەیـاڵێکی شـیرینە یـان خۆهەڵخەڵەتانـدنێکی مەترسـیدارە، و لە خراپتـرین حـاڵەت پـڕۆژەی داگیـرکەران خۆیـانە کە ڕێـگە بـۆ لەنـاوچوون خـۆش دەکـات. ئـازادیی و دادپەروەریـی ڕاسـتەقینە، لە ڕوانـگە هـۆبزییەکەیەوە و لە کەتـواری دۆخـی ئـێمەدا، تەنیـا لەژێـر چەتـری دەوڵەت و دەسـەڵاتی سـەروەریی خۆمانـدا دێـتە دی، نەک لە سـایەی لێڤیاتـانی داگیرکەرێـک یـان لە باوەشـی برایەتییەکـی زۆر گوماناویدا.

بـۆیە، پەیـامە ڕادیکـاڵەکەی ئەم وتـارە ڕوون و بـێ دوودڵـیـە، لەم ململانێ فەلسـەفییەی نێـوان هـۆبز و ڕۆسـۆ دا، و لەم دۆخە کەتـوارەی کـورد دا، تەنیـا دیـدگای هـۆبزیی دەتوانێـت ڕێگـای ڕزگاربوونمـان پیشـان بـدات. لێڤیاتـانێکی خۆمـاڵیی، دەوڵەتـی کوردسـتانیی، پێویسـتییەکی ژیـانی و بـێ سازشـە. ئەوەی لەمە گومـان بکـات یـان ئەم ئامـانجە پـاش بخـات، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ حـوکمی بەردەوامبـوونی "کـورتیی ژیـان" و ژێردەسـتەیی دەدات. گرێبەسـتی دەوڵەت، کە بانگەشـەی بـۆ دەکەیـن، بریتـی نیـیە لە قبـوڵکردنی زوڵمێکـی نـوێ، بەڵکـوو دەسـتبەرداربوونێکی هۆشـیارانەیە لە بەشـێک لە ئـازادیی کورتخـایەن و گومانـاوی لە پێنـاو بەدەسـتهێنانی ئـازادیی ڕاسـتەقینە و ژیـانێکی پـارێزراو و شـکۆمەند. تەنیـا لەنـاو چوارچێـوەی دەوڵەتـی سـەربەخۆدایە کە دەتـوانین خـاوەن بوونـایەتی و داهـاتووی خۆمـان بـین و لە مەترسـیی لەنـاوچوون ڕزگارمـان بێـت. ئەمە تێزێکـی ڕادیکـاڵە، بەڵام لەم جیهانە هـۆبزییەی تێیـدا دەژیـن، تەنیـا ڕێگـای کەتـوارە بـۆ مـانەوە و هەر ڕێگـایەکی دیکە ڕووی لە لەناوچوونە.

ژیان لە کورتی دێت، دۆخی کورد لە گۆشەنیگای هۆبزـەوە

کاتێـک دەڕوانیـنە کەتـواری تـاڵی دۆخـی نەتەوەیـی بێـدەوڵەتیی کـورد لەسـەر خـاکی وڵاتەکەیـدا، تێڕوانینەکـانی فەیلەسـووفی بەناوبانـگ، تۆمـاس هـۆبز، بە شـێوەیەکی قـووڵ و بێبەزەییـانە خـۆی دەسـەپێنێت. هـۆبز لە پەڕتـووکە مەزنەکەیـدا، "لێڤیاتـان"، بە ڕاشـکاوی پێمـان دەڵێـت کە ژیـان بەبـێ بـوونی دەسـەڵاتێکی سـەروەر، دەسـەڵاتێک کە بتوانێـت یاسـا بسـەپێنێت و ئاسـایش دابـین بکـات، بەردەوام لە دۆخێکـی جەنـگ و ململانێـدایە؛ دۆخێـک کە تیایـدا ژیـان "هەژار، قێـزەون، دڕنـدە و کـورت" دەبێـت. ئەمە تەنیـا وەسـفێک نیـیە بـۆ بـارودۆخی مـرۆڤ لە دۆخـی سروشـتیدا، بەڵکـوو هۆشـدارییەکی تونـدە بـۆ هەمـوو ئەو کـۆمەڵگە و نەتەوانەی کە خـاوەنی لێڤیاتـانی خۆیـان نـین کە بوونـایەتی و مـانەوە و گەشـەکردنیان گەرەنتـی بکـات. لە دیـدی هـۆبزەوە، دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکـی باڵاتر لە تەنیـا کـارگێڕیی پێویسـتییەکی بنەڕەتـی و زۆربـاییە بـۆ دەرچـوون لەم دۆخە

کوشندەیە، تاکە گەرەنتییە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و ئارامییەک کە ڕێگە بە ژیانێکی درێژ و پڕ بەها بدات. تەنیا لە نەبوونی ئەو دەسەڵاتە سەروەرییەیە کە نەتەوە و وڵاتان ڕووبەڕووی هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لەناوچوون و فەوتان دەبنەوە.

بۆیە، دەتوانین بەبێ دوودڵی دۆخی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان بە "بارە سروشتییەکەی" هۆبز ناوزەد بکەین، بەڵام نەک تەنیا لە ئاستی ململانێی ناوخۆیی تاکەکاندا، بەڵکوو بە تایبەت و بە پلەی یەکەم لە ئاستی پەیوەندیی نێوان قەوارە سیاسییەکاندا لە سیستەمێکی سەروەریی و دەسەڵاتی باڵادا. جیهان لە دیدگای هۆبزەوە دەکرێت وەک دۆخێکی سروشتیی گەورە لە نێوان "لێڤیاتانەکان" (دەوڵەتە سەروەرەکان) سەیر بکرێت، کە تیایدا هەر دەوڵەتێک بەدوای ئاسایش و بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەڕێت و لە ترسی ئەوانی تردا دەژی و هەمیشە ئامادەیە بۆ ململانێ. لەم دۆخەدا، نەتەوەیەک کە خاوەنی لێڤیاتانی خۆی نییە، واتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە بتوانێت هێز و سەروەریی خۆی بەسەر سنووری وڵاتەکەیدا بسەپێنێت، دەبێتە لاوازترین کاراکتەری ئەم شانۆیە و بە ئاسانی دەکرێتە قوربانی. ئەو دەوڵەتانەی دەورووبەر، کە خۆیان لێڤیاتانی بەهێزن و بەپێی لۆجیکی هێز و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان کار دەکەن، بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەر بوونایەتیی نەتەوەیی کورد و خاک و وڵاتی کوردستان. هەڕەشەی سەرەکی لێرەدا لە "ئەوی دیکە" واتە داگیرکەران و نەیارەکانەوە دێت کە نەتەوەی کورد لەبەرامبەریان بێبەرگرییە. مێژووی پڕ لە تاڵیی نەتەوەی کورد، لە وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان ەوە تا قەدەغەکردنی زمان و ناسنامە و شاڵاوەکانی جینۆساید، بەڵگەی زیندوون بۆ ئەم تێزە هۆبزییە: نەبوونی دەسەڵاتێکی سەروەری خۆماڵی لەژێر چەتری دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان، بەردەوام هۆکار بووە بۆ "کورتیی ژیان" و ژیان لە دۆخێکی بەردەوامیی مەترسیدا کە لە لایەن داگیرکەرانەوە بەسەر نەتەوەی کورد دا سەپێنراوە.

لەم چوارچێوەیەدا، ئاسایش، وەک بەنرخترین شت لە ڕوانگەیەکی هۆبزییەوە، بۆ نەتەوەی کورد مانایەکی قووڵتر وەردەگرێت. ئاسایش تەنیا پاراستنی ژیانی تاکەکان نییە لەناو کۆمەڵگەدا، بەڵکوو پاراستنی ژیانی نەتەوەیەکە بە هەموو پێکهاتە فیزیکی و مەعنەوییەکانیەوە: پاراستنی خاک و نیشتیمان، پاراستنی کولتوور و زمان و ناسنامە و پاراستنی بوونی سیاسیی نەتەوە لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا. ئەم جۆرە ئاسایشە تەنیا لە ڕێگەی سەپاندنی سەروەریی خۆییەوە بەسەر تەواوی خاکی کوردستان دا دێتە دی. بۆیە، تەنیا بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دەبێتە ئەو خاڵی دەستپێکردنەی کە دەتوانێت ئەم ئاسایشە بنەڕەتییە دابین بکات. دەوڵەتێک کە خاوەنی دەستووری خۆی بێت و بتوانێت مافەکانی تاکی کوردستانیی دابین بکات و سەروەریی خۆی بە فەرمی بناسێنێت کە جێگای ڕێزی لێڤیاتانەکانی دیکە بێت لە دوور و لە نزیکەوە. لە هەمووی گرنگتر، هێزی هەبێت بۆ پاراستنی ئەو مافانە و پاراستنی خاکی کوردستان لە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەکدا، نەک تەنیا ڕێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکان.

بۆیە، وەک هۆبز جەختی لەسەر پێویستیی (لێڤیاتان) دەکردەوە بۆ دابینکردنی ئاسایش و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، نەتەوەی کوردیش بە شێوەیەکی ناچاریی پێویستی بە لێڤیاتانی کوردستان هەیە؛ دەسەڵاتێکی باڵا کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیدا پەیمانی بۆ دەبەستێت، بۆ ئەوەی لەپێناو پاراستنی نەتەوەکەدا، ڕووبەڕووی هەڕەشە دەرەکییەکان ببێتەوە. دۆخی ئێستامان ناچارمان دەکات بە ڕاشکاوی بڵێین کە بۆ دەرچوون لەم دۆخە نالەبار و پڕ هەڕەشەیە، دەبێ پەیامی گرێبەستی دەوڵەت بخوێندرێتەوە و بێدوودڵی و بە یەک ویست بچینە ناو ئەم گرێبەستەوە. چونکە تەنیا ئەم گرێبەستە و ئەو دەوڵەتەی لێی دروست دەبێت، دەتوانێت درێژە بە ژیان بدات و بوونایەتی کورد و وڵاتەکەی بەو جۆرە بنووسێتەوە کە خۆی خوازیارە، نەک ئەوەی لە لایەن داگیرکەران و نەیارانی دەرەکییەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت. دۆخی کوردستان بە

شێوەیەکی بێوێنە بیرۆکەکانی هۆبز سەبارەت بە پێویستیی دەوڵەت بۆ ژیانێکی درێژ، پارێزراو و پڕ لە شکۆمەندی پشتڕاست دەکاتەوە.

لە ئەنجامی ئەم گەشتە فەلسەفییەدا بەناو بیرۆکە واقیعییەکانی تۆماس هۆبز دا، وێنەیەکی بێبەزەییانە بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەخۆشکەر بۆ دۆخی نەتەوەی بێدەوڵەتیی کورد لەسەر خاکی وڵاتی کوردستانمان بۆ کێشرایەوە. هۆبز بە ڕاشکاوی و بێپەرچ دەری خست کە بێ بوونی دەسەڵاتێکی سەروەر و باڵا، دۆخی سروشتی مرۆڤایەتی بە ناچاری بەرەو "جەنگی هەمووان دژی هەمووان" دەچێت و دەرەنجامی ئەم هەرا و ئاشێو و پشێوییەش ژیانێکی تەنیا، هەژار، قێزەون، دڕندە دێنێتە کایە، لە هەمووی گرنگتر، کورتیش دەبێتەوە. ئەم تێزە هۆبزییە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی ململانێی ناوخۆیی مرۆڤ و پێویستیی دەسەڵاتی ناوەندی لەناو کۆمەڵگەدا دانراوە، بە شێوەیەکی قووڵتر و مەترسیدارتر بۆ دۆخی نەتەوەیەک و وڵاتێک ڕاستە کە لەناو سیستەمێکی نێودەوڵەتیدا بێدەوڵەت بێت؛ سیستەمێک کە خودی خۆی لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی "دۆخی سروشتی"یە لە نێوان قەوارە سیاسییە سەروەرەکاندا، کە تێیدا "لێڤیاتانەکان" (دەوڵەتە بەهێزەکان) بەپێی لۆجیکی هێز و بەرژەوەندیی خۆیان مامەڵە دەکەن و هەموو کات ئامادەن بۆ ململانێ. لەم گۆڕەپانە بێ یاسا نێودەوڵەتییەدا، نەتەوەی بێدەوڵەت و وڵاتی بێ سەروەر دەبێتە لاوازترین ئەکتەر و بە ئاسانی دەکرێتە قوربانیی یەکدی شکاندن و بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکە. کەتواری تاڵی مێژووی کورد لەژێر دەستی داگیرکەران و قوربانیبوونی بێوچان لەلایەن "لێڤیاتانە" دراوسێکانمانەوە، شایەتحاڵی زیندووی ئەم تێزە هۆبزییەیە؛ گەورەترین و کوشندەترین "جەنگی هەمووان دژی هەمووان" بۆ نەتەوەی کورد، لە ناوخۆی خۆیدا سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە دەرەوە و لە لایەن ئەو هێزە داگیرکەرانەوە سەپێنراوە کە خاکی وڵاتەکەمان داگیر دەکەن، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەمان دەدەن و ژیانی فیزیکی و مەعنەوی نەتەوەکەمان دەخەنە مەترسیی "کورتبوونەوە"ی بێپسانەوە.

لەم کەتــوارە تــاڵ و بێبەزەییــانەدا، "گرێبەســتی دەوڵەت" بــۆ نەتەوەی کــورد لە چوارچێــوەی بیــردۆزی هــۆبز دا، تەنیــا پرۆژەیەکــی سیاســی ئاســایی نیــیە؛ بەڵکــوو پەیمــانێکی بوونخــوازانەیە، بڕیــارێکی چارەنووســاز و ویســتێکی نەتەوەیــیە بــۆ دەرچــوون لەم "دۆخــی سروشــتی"ــیە دەرەکیــیە. ئەم گرێبەســتە پابەنــدبوونێکی هۆشــیارانەیە بە بنیاتنــانی "لێڤیاتــانی کوردســتان"، ئەو قەوارە ســەروەریی و باڵادیەی کە تەنیــا دەتوانێــت هێــزی نەتەوەی کــورد یەک بخــات و ببێــتە قەڵغــانی پاراســتنی نەتەوە و وڵاتەکە لەبەردەم هەڕەشــە دەرەکییەکانــدا. ئەو ئــازادییە بێســنوور و بێبەهــایەی دۆخــی بێــدەوڵەتی، کە تەنیــا دەبێــتە هــۆی ڕادوازی و قوربــانیبوون، دەبێــت بە شــێوەیەکی عەقڵانی دەســتبەرداری ببــین لە پێناو بەدەستهێنانی ئاسایشی ڕاستەقینە و ژیانێکی پارێزراو .

لێڤیاتــانی کوردســتان، وەک نــوێنەری ســەروەریی نەتەوەیــی، توانــای ســەپاندنی یاســا و دابینکردنــی دادپەروەریــی لەنــاوخۆدا دەبێــت، بەڵام ئەرکــی ســەرەکی و ژینەکــی بــریتییە لە پاراســتنی بــوونی نەتەوە لەبەردەم هەوڵەکــانی توانــدنەوە و داگیرکــاریی لێڤیاتانەکــانی دیــکە. ئەو "چەتــر"ــانەی داگیــرکەران پێشکەشــی دەکەن، چەتــر نــین بــۆ پاراســتن، بەڵکــوو قەفەســن بــۆ ســنووردارکردن و مردارکــردنەوە و ســڕینەوە. تەنیــا لێڤیاتــانی خۆمــاڵی دەتوانێــت دابیــنکەری ڕاســتەقینەی ئاســایش بێت.

لە بەرامــبەر دیــدگا ئایدیالیســتەکان (وەک ڕۆســۆ) کە ڕەنــگە گومــان لە ڕۆڵــی دەوڵەت بــکەن، یــان بە ســادەیی بــاوەڕ بە "باشــی سروشــتی" یــان "برایەتیــی گەلان" بــکەن لە جیهانێکــدا کە بەپێــی لــۆجیکی هێــز کــار دەکــات، کەتــواریی دۆخــی نەتەوەی بێــدەوڵەتیی کــورد بە شــێوەیەکی بــێ وێــنە تێــزە واقیعیــیەکەی هــۆبز پشتڕاســت دەکــاتەوە. پەیــامی ئــێمە ڕوون و بــێ دوودڵــیە: دروســتکردنی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان نەک تەنیــا دەرفەتێکــی سیاســیی ڕەوا و ئــاواتێکی نەتەوەیــیە، بەڵکــوو پێویســتییەکی وجــوودی و بــێ سازشــە بــۆ مــانەوە. تەنیــا لەنــاو چوارچێــوەی ئەم لێڤیاتــانە خۆمــاڵییەدا، لەنــاو دەوڵەتــی کوردســتان دا، دەتــوانین بە ڕاســتی خــاوەنی ژێرخــان و ژێربەســتی

بوونـایەتی نەتەوەیـی خۆمـان بـین، بە زمـان و کولتـوور و مێـژووی خۆمـان بـژین، مافەکانمـان گەرەنتـی بکـــرێن و لە مەترســـیی لەنـــاوچوون و ژێردەســـتەیی هەمیشـــەیی بـــۆ هەمیشـــە ڕزگارمـــان بێـــت. گرێبەسـتی دەوڵەت، پەیمـانێکە بـۆ واژۆکردنـی ژیـانێکی نـوێ، ژیـانێکی درێـژ، پـڕ بەهـا و شـکۆمەند بـۆ نەتەوەی کـورد لەسـەر خـاکی وڵاتەکەی. ئەم پەیمـانەش دەبێـتە بنـاغەی سـەروەریی بەدەسـتهاتوومان کە هێماکەی ئاڵای کوردستانـە.